

# تەکسی فڕۆکە کەوتە واری خزمەتکردنەوە

جادە و ڕێگاوبانەکان قەرەباڵغن، ئۆتۆمبیل و ئامێرەکانیش گەلێك! ئەمە وا دەکات ترافیکی و ئاڵۆزییەکی زۆر لە ڕێگاوبانەکاندا ببیندرێ. ئەگەر هەرواش بڕوات ڕەنگە لەداهاتوودا کێشەی گەورەتر بێتە گۆڕێ. بۆ چارەسەری ئەمانە بیر لەوە کراوەتەوە کە لەئاسمانیش سوود وەربگیرێ. هەوڵێکی زۆر چەندین ساڵە لە گۆڕێ دایە کە ماشێنی فڕۆك بەرهەم بهێندرێ، ئۆتۆمبیلەکان لەبری ئەوەی بەسەرزەویدا هاتووچۆ بکەن، بکرێت وەك فڕۆکە بە ئاسماندا بفڕن. چەندین ئۆتۆمبیلی فڕۆکیش بەرهەم هاتن و بەڵام نەکەوتنە واری جێبەجێکردنەوە. تەکسی فڕۆکی لیلیۆم (lilium) یش یەکێکە لەوانە.

تەکسی ناوبراو بە خێرایی ١٠٠ کیلۆمەتر دەفڕێت، هەرچەندە بۆ فڕۆکەیەکی بێ بەربەست لە ئاسماندا ئەمە خێراییەکی گونجاو نییە، بەڵام چونکە سەرەتایە و جارێ لەتاقیکردنەوەدایە جارێ هەر بەو خێراییە دەڕوات.

ئۆتۆمبیلەکە لە ٣٦ مۆتۆری ئەلکترۆنی پێکهاتووە و چونکە لە وزەی ئەلکترۆنی بۆ کارکردن سوود وەردەگرێ، هێزەکەی ٢٠٠٠ ئەسپی هەڵمییە. ئەوپەڕی خێراییەکەی دەگاتە ٣٠٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا. شوێنی ٥ کەسی هەیە و هیچ کێشەیەکیش بۆ ژینگە دروست ناکات، چونکە هیچ دوکەڵ و گازێکی زیانبەخش بڵاوناکاتەوە. (لیلیۆم) دەڵێت هێشتاش ماوەیەتی ئۆتۆمبیلەکە بخەینە بازاڕەوە و ڕەنگە ٥ ساڵی دیکە بکەوێتە بازاڕ، داهێنانی ئۆتۆمبیلەکە دەبێتە هۆی دروستبوونی ٥٠٠ کاری نوێ.

# ماوسێک یەیەک کاتدا بۆ چەندین کۆمپیوتەر


ماوس ئەگەر گرنگترین پارچەی کۆمپیوتەریش نەبێت، دەکرێ بڵێین پڕکارترین پارچەی لاوەکی کۆمپیوتەرە، ماوس کلیلی کردنەوەی دەروازەی کۆمپیوتەرە. ئەگەر ماوس نەبێت، سوودێکی ئەوتۆ لە کۆمپیوتەر وەرناگیردرێت..

ماوسەکان لە ستایل و ڕەنگ و و تواناداجیاوازن، بەڵام یەك کار دەکەن، ئەویش جوڵاندنی هێمایەکە لە دیسکتۆپی کۆمپیوتەردا بۆ دانی فەرمانەکان.

لەم دواییەدا شیائۆمی ماوسێکی نوێی بەرهەم هێناوە کە هەم ستایلەکەی جیاوازە و هەم تواناکەی. ماوسەکە بە جۆری Mijia LOFREE ناسراوە، بە بلوتوس بە کۆمپیوتەرەوە پەیوەند دەدرێ. خاڵی بەرچاوی ماوسەکە لەوەدایە دەکرێت لەیەك کاتدا لەگەڵ چەندین کۆمپیوتەر کار بکات، تەنیا بە داگرتنی دوگمەیەك لە کۆمپیوتەرێکەوە دەچێتە سەر کۆمپیوتەرێکی دیکە. ئەم حاڵەتەش بۆ ئەوە باشە کە بەکارهێنەر بیهەوێ لەیەك کاتدا لەسەر چەند کۆمپیوتەرێك کار بکات و کۆمپیوتەرەکان پێکەوە پەیوەندیان هەبێ.

دوگمەکانی چەپ و ڕاستی ماوسەکە زۆر جیاوازن لەماوسی دیکە. کارکردی خێرایەو بە خێرایی شەحن دەبێتەوە و درەنگ دادەبەزێ. لە هەموو شوێنێك کار دەکات، شوێنکە چ زبر بێت یا لوس وەك شوشە و کاغەز ئەو کاری خۆی دەکات.











# چاویلکەکەت بکە ماوسی کۆمپیوتەر

ماوسی کۆمپیوتەر یا تاچ پەدی لاپتۆپ، هەموو ئەرکێکی تایبەت بە کۆمپیوتەر ئەنجام دەدەن، ماوس یا تاچ پەد یا شاشە لەمسییەکان بەگشتی ئەو فەرمانانە ئەنجام دەدەن کە بەکارهێنەر کۆمپیوتەر پێیان دەسپێرن. کارکردی ماوس و تاچ پەد و شاشەی لەمسی دیارە کە بە پەنجە بەسەرداهێنان دەتوانرێ فەرمانەکان جێبەجێ بکەن. لەم ماوەیەدا چاویلکەش شوێنی ماوسی گرتۆتەوە، واتە دەکرێ لەبری ماوس و پەنجەکانت سوود لە چاویلکە و چاوەکانت بۆ کۆنترۆڵی کۆمپیوتەر وەربگری.

چاویلکەی جۆری HiDi Glasses چاویلکەیەکی سمارتە لەگەڵ کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێ، باترییەکی بچوکی تێدایە کە شەحن دەبێتەوە و بە کاتژمێرێك شەحنکردنەوە دەکرێت هەتا ١٠ کاتژمێر سوودی لێوەربگیرێت.

بەکارهێنەر بە سوڕاندنی سەر دەتوانێ هێمای ماوس لەسەر کۆمپیوتەر و لاپتۆپەکە بخاتە جوڵە و بە داگرتنی چاویش فەرمانەکان جێبەجێ بکا، بۆ نموونە ئەگەر دووجار چاوت دابگری ئەوە بەمانای دەبل کلیك دێت.

بە کورتی ئەوەی مەبەستت بێ بە داگرتنی چاو و سوڕاندنی سەر ئەنجام دەدرێ. بەڵام ئایا ئەوە ئاسانکاری دەکات و شوێنی ماوس دەگرێتەوە؟ پێموا نییە شوێنی ماوس بگرێتەوە و بەڵام بۆ ئەوانەی کە بە هەر هۆیەك بێت ناتوانن سوود لە دەستیان وەربگرن، وەك ئەوانەی دەستیان نییە، یا دەستیان تووشی شەلەلی بووە بۆ ئەمانە زۆر باشە.

# کۆمپیوتەرێک لە پەنجەکانتدا جێی دەبێتەوە

شارەزایان و زانایانی بواری کۆنینەناسی دەڵێن، مرۆڤەکان لەسەرەتاوە قەوارە و بێچم و شێوازیان جودا لەوەی ئێستا بوو، گەورەتر و زەبەلاحتر بوون.. رەنگە بۆ کۆمپیوتەرەکانیش کە لە زۆر رووەوە وەك مرۆڤ دەچن، هەروابێ. ئەگەر ئاوڕێك وە رابردوو بدەینەوە، دەبینین کۆمپیوتەرەکانی دەیەکانی رابردوو گەورە و زەبەلاح بوون، بە بەراورد بەو کۆمپیوتەرانەی ئەو سەردەمە زۆر جیاواز بوون. ئێستا چەند ساڵێکە کۆمپیوتەرەکان لەوەش بچووکتر دەبنەوە.. بۆ نموونە کۆمپیوتەری جۆری iLife MP8 کە لە پەنجەکانتدا جێی دەبێتەوە.

کۆمپیوتەری ناوبراو رەنگە بچووکترین کۆمپیوتەر بێت تا ئێستا بەرهەم هاتبێ. ئەم کۆمپیوتەرە نوێترین سیستەمی مایکرۆسۆفت واتە ویندۆز١٠ی لەسەرە. زۆر بچووکترە لە کۆمپیوتەری بچووکی ئەنتەل کە بە جۆری NUC ناسراوە.

کۆمپیوتەری ئاماژە پێکراو هاردەکەی ٦٤ گیگابایتە. رامەکەشی چوار گیگابایتە. پەنکەیەکی تایبەتی هەیە بۆ فێنك کردنەوەی ئامێرەکانی. شوێنێکی USB Type-c و دوو کەلێنی USB3 هەیە، شوێنێکیش بۆ دانانی کێبڵی HDMI کە بۆ پەیوەندی لەگەڵ تەلەفزیۆنە نوێیەکان دەگونجێت.





# رۆبۆتێکی مێروولەیی بۆ منداڵان

لە جیهانی دیجیتالیدا رۆبۆتەکان باشترین یارمەتیدەری مرۆڤ و رەنگە مەترسیدارترین ئامێریش بن بۆ مرۆڤ! چەند ساڵێکە زانستی دروستکردنی رۆبۆت دروستکردن زیاتر لە جاران گرنگی پێدەدرێ، تەنانەت منداڵانیش هاتوونەتە ناو ئەم جیهانەوە و رۆبۆتی تایبەت بە منداڵانیش دروست دەکرێ.

رۆبۆتی جۆری Antbo تایبەتە بە منداڵان، رۆبۆتەکە لە چەندین پارچە پێکهاتووە، واتە بۆ ئەوەی کە رۆبۆتەکە کار بکات دەبێت چەندین پارچەی لێکجیا پێکەوە بلکێندرێن. بیرۆکەی دروستکردنی رۆبۆتەکە لە مێرووەکانەوە سەرچاوەی گرتووە.

بەکارهێنەری رۆبۆتەکە منداڵانی تەمەن ٦ هەتا ١٣ ساڵین، هەروەها ئەو تازە لاوانەی کە نیازیانە خۆیان فێری زانستی رۆبۆت دروستکردن ببن. رۆبۆتەکە هەم دەتوانی بە دەنگی بەکارهێنەرەکەی وەڵامی فەرمانەکان بداتەوەو هەم دەتوانرێ بە مۆبایل و پرۆگرامێکی تایبەتی کۆنترۆڵ بکرێ، هەم بە ریمۆتی تایبەت بەخۆی.

لە رۆبۆتەکەدا لە دە هەستەوەر سوود وەرگیراوە. هەستەوەرێکی سەرووی تیشکی سوور بۆ ئەوەی تووشی لەمپەر نەیەت، هەستەوەرێکی رووناکی دەوروبەر، هەستەوەرێك تایبەت بە وەرگرتنی دەنگ، هەستەوەرێکی لەمسی دیجیتالی و....تاد. بە وەرگرتنی زانیاری لەو هەستەوەرانە رۆبۆتی ناوبراو فەرمانەکان ئەنجام دەدا.



## هەر چارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەرێزێك دەپرسێت، نازانم بۆچی لەکاتی تایب کردندا ماوسەکە دەجوڵێت بۆ شوێنێکی دیکە و لەو شوێنەی دەینووسم لادەچێت؟ هەموو کارەکەم لێ تێك دەداتەوە، رێگا چارە هەیە؟**

بەڵێ خوێنەری بەرێز هیچ شتێك نییە رێگا چارەی نەبێ، ئەوەی باسی دەکەی، تەنیا لەلاپتۆپدا هەیە و لە کۆمپیوتەری سەرمێزدا نییە، ئەمە پەیوەندی بە (تۆچ پەد)ی لاپتۆپەکە هەیە، کە لەکاتی کارکردندا دەستت بەری دەکەوێ. هەندێك لەلاپتۆپەکان خۆیان دوگمەیەکیان بۆ قفڵ کردنی (تۆچ پەد) لەکاتی تایبکردندا، ئەگەر لاپتۆپەکەی تۆ هەیبوو ئەوە باشە، چاوێك بە دوگمەکانی کیبۆرد بگێرە دەیدۆزیەوە، ئەگەر نەبوو ئەوە پرۆگرامۆکەی touchFreeze بەکار بێنە و کێشەکە چارەسەر دەبێت.

## لاپتۆپە دوو شاشەکەی ASUS

**ئەمساڵ ساڵی ئامێرە دوو سکرینەکان بوو، مۆبایلی دوو شاشە لەلایەن چەندین کۆمپانیاوە بەرهەم هاتن، هەروەها کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ هەوڵیاندا بۆ بەرهەمهێنانی لاپتۆپی دوو سکرینیش.**


**دوو شاشەیی رەنگە بۆ مۆبایل زۆر پێویست نەبێت، بەڵام بەراستی بۆ لاپتۆپ تا رادەیەکی زۆر پێویستە، بەتایبەتی ئەگەر نیازت هەبێ لە یەك کاتدا دوو پرۆگرام بکەیەوە.**

**کۆمپانیای Asus لاپتۆپی دوو سکرینی خۆی بەناوی Zenbook Pro Duo بەرهەم هێنا. لەو لاپتۆپەکەدا لە دوو شاشەی ٤K لەمسی سوود وەرگیراوە.**

**تەنیا دوو شاشەکەی سەرنجت راناکێشێ، بەڵکو بەهێزی پارچەکانیشی لەجێگای خۆیدایە. سیستەمی core i9، رامی ٣٢ گیگابایتی و یەك ترابایتی زەینی SSD بەشێکن لە پێکهاتەی ئەم لاپتۆپە گرنگە جووت سکرینە.**

**بۆ کۆنترۆڵ کردنی شاشە لەمسییەکان قەڵەمێکی تایبەتی لەگەڵدایە کە گرنگی خۆی هەیە. کێشی لاپتۆپەکە دوو کیلۆیە.**





# دەفتەری دیجیتالی بۆ یادداشت

نۆتی بووك یا دەفتەرچەی نووسینەوەی یادداشتی ڕۆژانە، لەلای زۆر كەس گرنگی خۆی هەیە.

لەو كاتەوە ئامێرە دیجیتاڵییەكان گشتگیر بوون و پەرەیان سەند، هەموو ئامێرێك بوو بە دیجیتاڵی دەفتەرچەی یادداشتی خۆی لە نێو ئامێرەكاندا دیتەوە.

هەندێك كۆمپانیا هەر زوو دەفتەرچەی تایبەت بە یادداشتیان بە شێوەی ئەلكترۆنی بەرهەمهێنا.. بۆ زانیاری زیاتر، دەفتەرچی یادداشت كردنی دیجیتالی جیاوازی هەیە لەگەڵ تەبلێت.

كۆمپانیای شارپ نوێترین دەفتەرچەی یادداشتی بەرهەمهێنا كە بە جۆری WG-PN1 ناسراوە. ئەم دەفتەرچەیە ٦ ئینچە و لە جۆری e-inkە.

هەندێك لە تایبەتمەندییەكانی دەفتەرچەكە ئەمانەن:
- سایزەكەی ١٥,٧ سم لە ١١,٤ سم دایە.
- كێشەكەی تەنیا ٢١٠ گرامە.
- ڕەنگی ڕەشە.
- لە ڕێگای USB-C شەحن دەكرێتەوەو تا دە ڕۆژ شەحنی دانابەزێت.
- دەتوانێت ٧٠٠٠ لاپەڕە لەخۆیدا ڕابگرێ و هەتا ٩ ساڵیش دەیانپارێزێ.

بەكارهێنەران دەتوانن داتاكان بە فۆرماتی وێنە بۆ كۆمپیوتەر بگوازنەوە.



## ماڵپەڕێک بۆ کتێب خوێندنەوە

لە ئینتەرنێتدا بە هەزاران ماڵپەڕ هەن كە تایبەتن بە كتێب و كتێبخانە و كتێب خوێندنەوە. بۆ زانیاری زیاتر ئەو ماڵپەڕانەی تایبەتن بە كتێبخانە، تەنیا كتێبخانەیەكی دیجیتالین، بەڵام هەندێك ماڵپەڕ هەن سەرووی ئەمانەن و تایبەتن بە كتێب خوێندنەوە، بۆ نموونە ماڵپەڕی goodreads.com لەم ماڵپەڕەدا دوای كردنەوەی هەژمارێك بۆخۆت، دەتوانی لە بارەی كتێبەكانەوە ڕەخنە بگری و بۆچوون بنووسی و پێشنیار بكەی. هەروەها دەتوانی پێشنیاری ئەو خوێنەرانەش بخوێنیەوە كە پێشتر كتێبەكانیان خوێندوونەتەوە. هەروەها تێدەگەی كە چ كتێبێك یا نووسەرێك سەرنجی زۆربەی بەكارهێنەرانی بۆ لای خۆی ڕاكێشاوە. دروستكردنی كتێبخانەیەكی تایبەت بەخۆت لە ماڵپەڕەكەدا تایبەتمەندییەكی دیكەی ماڵپەڕەكەیە.

# پرۆگرامێکی گرنگ تایبەت بە فیلم

بۆ دەستكاری كردن و مۆنتاژ و قرتاندن و لكاندنی فیلم، گەلێك پرۆگرام هەن، پرۆگرامی Wondershare Filmoraیش یەكێكە لەو پرۆگرامانە. ڕەنگە باشترین پرۆگرام نەبێت، بەڵام یەكێكە ئاسانترین پرۆگرامەكان.

بە سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامە بەئاسانی دەتوانی فیلمەكانت دەستكاری بكەی و ڤیدیۆیی مەبەستی خۆت دروست بكەی.

بە پرۆگرامی Wondershare Filmora دەتوانی گۆڕانكاری لە دەنگی فیلمدا بكەی و هەروەها مۆزیك بخەیە سەر فیلم و دەق لەسەر فیلمەكان دابنێی.

پرۆگرامی (فیلمۆرا) گەلێك ئیفكتی سەرنج ڕاكێشی تێدایە كە دەكرێ لەكاتی دروستكردنی فیلمێكدا سوودیان لێببینی. هەموو ئەو ئامرازانەی كە بۆ فیلم وەك (قرتاندن، لكاندن و لەسەریەك خستن، دەستكاری دەنگی فیلم و سانسۆری فیلم... تاد) لەو پرۆگرامە دا هەیە.

